# دەست لە کار کێشانەوە



دوای ئەوەی مەودای ئازادییەکان لەبەردەم کاری پیشەییمدا تەسکتر کرایەوە، دوای ئەوەی گۆڤاری (زانکۆی نوێ) لەسەر رەزامەندی بەڕێز "سەرۆکی زانکۆ"ی خاوەن ئیمتیاز (ئەتك کراو) بەبێ ئاگاداری من دوالاپەڕەی هەر دوو هەزار دانەی دوایین ژمارەی گۆڤارەکە لێکرایەوە، پاشئەوەی لەبەرانبەر هەڕەشەی (سکرتێر)ەکەی بۆ من، بەڕێزیان هیچ هەڵوێستێکی نەنواند، ئەمە وێرای ناحاڵیبوون لە سروشتی پیشەی رۆژنامەگەری و کاری راگەیاندن، بۆیە کارکردن لە کەشێکی وادا لە مەحاڵ دەچێت، بۆئەوەی لەبری سەرشۆڕکردنی خامەکەم سەرم بەرز بێت، لەجیاتی پیاهەڵدانی درۆ بە شان و باڵی زانکۆ نووکی خامەکەم تیژتر بکەم بەمەبەستی زانکۆیەکی پێشکەوتووتر، بە پێویستم زانی دەست لەکاری سەرنووسەری گۆڤاری (زانکۆی نوێ) هەڵبگرم، کە یانزە ژمارەیە لێبڕاوانە، ماندوبوون و شەونخوونیم لەگەڵی کێشا. لەگەڵ رێزمدا..

**محەمەد عەبدوڵلا**

**سەرنووسەری گۆڤاری زانکۆی نوێ**

2006/5/29